# زانیاری بۆ باوک و دایکان و بەخێوکەران

پێشەکییەک بۆ باوک و دایک/بەخێوکەر و سەرپەرشتی مێرمنداڵان

کۆنێکشنز **(Connexions)** چییە...

کۆنێکشنز ناوەندی خزمەتی پاڵپشتیی نیشتمانیە بۆ هەموو م ێرمنداڵانی 13 تا 19 ساڵان، و ئەو گەنجانەی تا 25 ساڵان کە گرفتی فێربوون و کەمئەندامیەتیان هەیە.

کۆنێکشنز خزمەتی ڕاوێژ، ڕێنوێنی و پاڵپشتی دابین دەکات بۆ مێرمنداڵان و گەنجان، لە چەندین بواری جیاواز لەوانە، پەروەردە، ڕاهێنان، ئیشوکار، دارایی و ڕێبازی ژیان . ئامانجی ئەم خزمەتەش ئەوەیە یارمەتی مێرمنداڵان و گەنجان بد رێ بۆ ئەەی بێ کێشە ژیانی خۆیان بگوازنەوە بۆ تەمەنی گەورەساڵی و ژیانی کاری.

باوک و دایکان و بەخێوکەران زۆرترین کاریگەرییان هەیە لەسەر پڕ یارەکانی مێرمنداڵان و گەنجان لەبارەی داهاتووی خۆیان، بۆیە گرینگە کە ئێوە ئاگادار بن لەو پاڵپشتی و یارمەتیەی کە لە ڕێگەی کۆنێکشنزەوە بۆ مێرمنداڵان و گەنجان دابین دەکرێت.

## کۆنێکشنز چۆن دەتوانێ یارمەتی منداڵەکەم بدات؟

هەموو گەنجان دەتوانن لەگەڵ ڕاوێژکارێکی شەخسی دیدار بکەن کە پاڵپشتی کردەوەیی، ئامۆژگاری و ڕێنوێنی دابین دەکات لە چەندین بوار لەوانە پەروەردە، پیشە، کار و ڕاهێنان، تەندروستی، خانووبەرە، پارە و یارمەتی دارایی، خۆبەخشی، دەرفەتەکانی گەشەکردن و ڕابواردن.

جگە لەمە، مێرمنداڵان و گەنجان دەتوانن لە نووسینگەی ناوەندیی کانێکشنز لە لەندن (Central London Connexions) و ماڵپەڕەکانی دەسەڵاتی ناوچە و هەروەها لە فرۆشگەکانی وان- ستاپی کۆنێکشنز (Connexions One Stop Shops) لە سەرانسەری ناوچەکە ئامۆژگاری و زانیاری وەربگرن.

کۆنێکشنز دایرێکت (Connexions Direct) خزمەتی دەستپێگەیشتنی خێرا و ئاسان بە ئامۆژگاری پسپۆرانە دابین دەکات لە کاتژمێر 8ی بەیانی هەتا 2ی نیوەشەو، لە 7 ڕۆژی هەفتە، لە ڕێگەی تەلەفۆن کردن بۆ **080 800 13 2 19** یان پەیامۆک ناردن بۆ ژمارەی **07766 4 13 2 19**. هەروەها لە سەر ماڵپەڕی **www.connexions-direct.com** سرویسی وێبچەت و ئیمەیل بۆ پەیوەندیکردن دابینکراوە.

ئەم خزمەتە هەروەها بۆ باوک و دایکان و بەخێوکەرانیش هەیە.

ڕادەی ڕێنوێنی و پاڵپشتییەک کە دابین دەکرێت بە گوێرەی پێداویستیەکانی مێرمنداڵان و گەنجان جیاوازە.

ئەم خزمەتانە دەتوانێ بریتی بێت لە:

- یارمەتیدان لە هەڵبژاردنی پەروەردەی زیاتر و خولەکانی وەرگرتنی بڕوانامە و پێشکەشکردنی داخوازی بۆ ئەم مەبەستە
- یارمەتیدان لە پەیداکردن و دەرێژەپێدانی کار یان ڕاهێنان
- دابینکردنی پاڵپشتی لە خوێندنگەکان و کۆلێجەکان بە مەبەستی یارمەتیدانی گەنجان بۆ ئەوەی خولەکانیان تەواو بکەن

- ڕاوێژ و ڕێنوێنی لەبارەی دابینکردنی بووجە لە ماوەی خوێندن لە خوێندنگە و کۆلێج
- ڕاوێژ و ڕێنوێنی لەبارەی چالاکیەکانی کاتی بەتاڵی کە دەتوانێ یارمەتید ەر بێت بۆ پەرەپێدانی شارەزاییەکان و ئەزموونە پیشەییەکان
- یارمەتیدان لەبارەی وەرگرتنی یارمەتی دارایی و مەسەلەکانی بەخێوکردنی منداڵ
- ڕاوێژ و ڕێنوێنی لەسەر مەسەلەکانی خانووبەرە و پرسە شەخسییەکانی دیکە لەوانە تەندروستی و داروە سڕکەرەکان، کە کاریگەرییان دەبێت لەسەر تواناکانی مێرمنداڵان و گەنجان بۆ خوێندن، ڕاهێنان یا کارکردن.

مەبەستی کۆنێکشنز ئەوەیە کە یارمەتی منداڵەکەی ئێوە بدات تا ئامۆژ گاری یان پاڵپشتی پێویست بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی وەربگرێت.

## منداڵەکەم لە کوێ دەتوانێ کۆنێکشنز پەیدا بکات؟

ڕاوێژکارانی شەخسیی کۆنێکشنز لەوانەیە لە خوێندگەکان، کۆلێجەکان، شوێنەکانی ڕاهێنان و زۆر شوێنی دیکە کە پرۆژەکانی گەنجان بەڕێوە دەچێت ئامادە بن.

لە هەموو گەڕەکەکان فرۆشگەکانی وان-ستاپی کۆنێکشنز بوونیان هەیە و منداڵەکەی تۆ دەتوانێ سەردانیان بکات.

بۆ زانیاری زیاتر لەبارەی سرویسی کۆنێکشنز لە ناوەندی لەندن، بۆ پەیداکردنی بنکەکانی کۆنێکشنز لە ناوچەکەی خۆتان، یان بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ ئێمە سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
www.centrallondonconnexions.org.uk

ئەم زانیارییانە بە چەندین فۆرمەتی دیکە دابین دەکرێن. بۆ زانیاری زیاتر تەلەفۆن بکە بۆ ژمارەی 020 7938 8080.

ئەگەر هەرجۆرە تێبینیەکت هەیە لەسەر ئەم بڵاوکراوەیە، تکایە ئیمەیل بنێرەی بۆ:
info@centrallondonconnexions.org.uk

## فرۆشگەکانی وان-ستاپی کۆنێکشنز لە ناوەندی لەندن

ناوی گەڕەک، ناونیشان و تەلەفۆن

**Camden**
West Euston One Stop Shop,
Corner of Hampstead Road
and Robert Street, Camden,
London, NW1 3ED
020 7388 6007

Connexions Camden Centre,
78 Parkway, Camden,
London, NW1 7AN
020 7482 3996

**Islington**
White Lion Centre,
43-45 White Lion Street,

Islington, London, N1 9PW
020 7527 7031

**Kensington and Chelsea**
Connexions Centre, 125 Freston Road,
London, W10 6TH
020 7938 8008

**Lambeth**
Connexions Centre, 1-5 Acre Lane,
Brixton, London, SW2 5TB
020 7326 7642

**Southwark**
Connexions Centre,128 Rye Lane,
Peckham, London, SE15 4SB
020 7358 2160

Faces in Focus, 102 Harper Road,
Elephant and Castle, London, SE1 6AQ
020 7403 2444

**Wandsworth**
Connexions Centre, 17 Falcon Road,
Battersea, London, SW11 2PJ
020 7326 8700

Connexions at Tooting Base,
74-80 Upper Tooting Road, Tooting,
London, SW17 7PB
020 8682 9457

Connexions at Roehampton Base,
33-35 Danebury Avenue, Roehampton,
London, SW15 4DQ
020 8780 5253

**Westminster**
Connexions @ Stowe, The Stowe Centre,
258 Harrow Road, London, W2 5ES
020 7266 8230

Connexions @ Pimlico, 131 Lupus
Street, London, SW1V 3EN
020 7641 2069

بۆ ئاگاداربوون لە کاتەکانی کارکردنی ئێمە سەردانی ماڵپەرکەمان بکە:
www.centrallondonconnexions.org.uk

ئۆگێستی 2009